# ئەگەر پیاوێک -یان کەسێک- بە دزییەوە سەیری کردیت بە بێ مۆڵەت، وتۆ بەردێکت تێگرت وبەهۆیەوە چاوی دەرپەڕی؛ ئەوا تۆ هیچ گوناهبار نابیت

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر پیاوێک -یان کەسێک- بە دزییەوە سەیری کردیت بە بێ مۆڵەت، وتۆ بەردێکت تێگرت وبەهۆیەوە (بەهۆی بەردەکەوە) چاوی (دەرپەڕی؛ ئەوا تۆ هیچ گوناهبار نابیت (تاوانێکت لە ئەستۆ نییە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات هەرکەسێک سەیری مرۆڤێکی تر بکات بە دزییەوە لە پشتی دەرگاوە یان کونێکەوە یان لەسەر دیوارەوە، وئەو کەسەی سەیری دەکرێت شتێکی تێبگرێت وەکو بەردێک یان هەرشتێکی تر یان شتێک بکات بە نێو چاویدا وچاوی کەسە سەیرکەرەکە دەرپەڕی وکوێر بوو یان هەرئازارێکی تری پێگەیشت، ئەوا ئەو کەسەی ئەمەی ئەنجامداوە هیچ تاوان وگوناهێکی لەسەر نییە و دیەش نادات بەرامبەر ئەم کردەوەیە؛ چونکە ئەو کەسەی کە سەیری کردووە ئەو دەستدرێژی کردووە وتاوانبارە بەهۆی ئەم کردەوە ناشیرینەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2989

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee